# کارابوونی ژنان
# لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا



کامیل محەمەد قەرەداغی

لەئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی

# کارابوونی ژنان

# لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا

بریجید ئۆفارێڵ

کامیل محەمەد قەرەداغی

لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

ناوی کتێب: کارابوونی ژنان
لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا

وەرگێرانی: کامیل محەمەد قەرەداغی

مۆنتاژ[redacted]: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم ٢٠٠٦

ژمارەی سپاردن (٨٤١)ی ساڵی ٢٠٠٦

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-١٨-

# پێشەکی

زۆربەی فەلسەفەکان خۆیانیان لەباسی گرنگیی کارکردن بۆ مرۆڤ داوە، و لە بۆچوونی گشتیی ئەواندا کارکردن بەدەر لە مانا رەمزییە کۆمەڵایەتییەکانیشی هۆکاری بەرەوپێشەوەبردنی مرۆڤە و زامنی مانەوەشیەتی،دواجار لەلایەنی داهات و دەستکەوت وەك لایەنی فیسیۆلۆژییش کاریگەریی باشی خۆی لەسەر مرۆڤ دادەنێت. هەموو جولان و دەست بردنێك بۆ کارکردن پەیامێکی بە زیندوومانەوەی تێدایە.

ئەگەر جارێکی تر بێینەوە باس لە پۆلینکردنی کۆمەڵگە بەپێی رەگەز بکەینەوە و دابەشی بکەینەوە بۆ نێر و مێ و هەردووکیان لەئاستی پێوەری کارکردندا هەڵبسەنگێنین رووبەرووی تەنگ و چەڵەمەی گەورە دەبینەوە گەر یەکێکی ئەو دوو رەگەزە لەرووی کارکردنەوە وەك بێبەرهەم حساب بکەین.

پاشتر گەر لە کۆمەڵی ئێمەدا ژن و پیاویشمان بەیەکەوە خستەناو گۆڕەپانی کارکردنەوە، ئەوە بەومانایە نایەت کە لەبەرئەوەی کارمان دا بە ژن ، ئەوا لە ناوماڵدا لەئەنجامدانی ئەو کار و ئەرکانە لێی خۆشبووین

که سەردەمانێکە وەك کار وئەرکی ئەو دامانناون،بەم خستنە بەرکارە، ئەرکەکانیمان گرانتر کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلای خۆمان رەنگە بە ئەستەم بتوانیت ژنێك بدۆزیتەوە کە حەز نەکات جگە لە کارەکانی ناوماڵی خۆی کارێکی تری دەرەوەش بکات، ئەمە گەر مانایەکمان بداتێ ئەوا ئەو مانایە ئەوەیە کە ژنان لە زووەوە پەیامێکی وایان لەناو کارکردندا بۆخۆیان دۆزیوەتەوە کە گوێ بە ماندووبوون نەدەن و حەز بە هەست پێکردن و دەستلێدانی لایەنە رووحییەکانی کارکردن بکەن.

لەناو دەستەبژێری رۆشنبیری ژناندا، ئەوانەی کە قسەیان لەسەر مەسەلەکانی توێژەکەیان هەیە بۆچوون و داوای وا هەیە کە دەڵێن دەبێ ئەنجامدانی کارو ئەرکی ناوماڵیش کارێکی بەرهەمهێنەری ئابوری بێت بۆ ئافرەت و لەبەرامبەریدا کرێیەکی عەینی لەپیاوەکەی وەربگرێت، لەبەرئەوەی ئەو کارەش ووزە و توانایەکی تێدا سەرف دەکرێت و ناکرێ بێبەرهەم بێت، ئەگەرچی ئەم پێشنیارە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، هیچ نەبێت لەبەرئەوەی کە ژن کرێی لەسەر ئەوکارە وەرگرت برێك خۆی لە خاوەندارێتیی ماڵەکە دووردەخاتەوە.

بەڵام مێژووی پێکەوە هەڵکردنی مرۆڤ و کار مێژووی پەیوەندییەکی دوورودرێژە باس و خواسی زۆر هەڵدەگرێ(فریدریك ئەنجلس)کتێبێکی هەیە بەناونیشانی (رۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیمون بۆ مرۆڤ)ئەگەر ئێمە بە هەر بەهانەیەکەوە بەڵگەکانی ئەنجلسمان بەعەقڵەوە نەچێت، ناکرێ رای پێچەوانەی ئەو بکاتە دروستکردنی روانینێکی کەم بەهایانە بۆ کارکردن.

ئەوەی لەم کتێبەدا پێشکەشی تۆ دەکرێ قسەوباسی فەلسەفییانە نییە لەسەر کارکردنی ژنان و نوسەر خۆیی لە گرێ و گۆڵی ئەو باسە نەداوە.بەڵکو بابەتە سەرەکییەکەی بریتییە لەپێشچاوخستنێکی مێژوویی رۆڵێك کە ژنانی ئەمریکا گێڕاویانەوە تا توانیویانە جێگەو ڕێگەی خۆیان لە بازاڕی کارکردندا بەباشی بدۆزنەوە و پاشتر کار بۆ چەسپاندنی یاساییانەی ئەو مافانە بکەن کە پەیوەندییان بە کارکردنەوە هەیە و شوێن و جێی ژنان لەوبوارەدا دەپارێزن..ئەمجا لەبەرئەوەی کتێبەکە زۆر ئەکادیمییانە نوسراوە، وادەزانم لە هەر کات و شوێنێك پێویست بکات [illegible]انرێت وەك سەرچاوەیەکی باسی ژن و کارکردن پشتی پێببەسترێت،ئەم[illegible]

گرنگییەك بە كتێبەكە دەدات بۆیە بە كوردی كردنیم بەلاوە باش بووە.

لەئێستەی سەردەمی بەجیهانیكردن و زاڵبوونی بازاڕ و دەنگدلێربوونی ئابوریدا كاركردن گرنگییەكی تر وەردەگرێت، قەبە دەبێتەوە، پنتەكانی خۆی بەسەر ئاسۆكانی دەرەوەی خۆیدا دەسەپێنێت. پاش ئەوەش لەپاش گۆڕانكارییەكانی یەك جەمسەربوونەوەی جیهان كە ئەمریكا وەك دەستەلاتێكی رەها دەركەوت، ئەوە مەسەلەیەكی ئاسایی دەبێت كە ئەو وڵاتە هەوڵ بدات قاڵبی جیهانی بە فۆرمەكانی تایبەتمەندێتییەكانی خۆی بدات.

ئەم كتێبە پێماندەڵێت ژنانی ئەمریكا بۆ گەیشتن بە ئەمڕۆ دووكاری گرنگیان كردووە، یەكەمیان ئەوەدیە كە خۆیان هەرگیز ئامادەنەبوون بازاڕی كار چۆڵ بكەن. دووەمیش ئەوەیە رووی یاساییان بۆ مافەكانیان دابین كردووە. هیوادارم ئەم چاپە كوردییەش كە ئێستە من پێشكەشی دەكەم رۆشناییەكی نوێ بێت بچێتەسەر ئەزموونەكانی ژنی كورد.

كامیل محەمەد قەرەداغی

# دامەزراندنی ژنان

## سەرەتایەك

دامەزراندنی ژنان بریتییە لە خستنە بەرکاری ڕێژەیەکی سەدیی ژنانی هەر کۆمەڵگەیەك، کە بەرامبەر بە کرێیەك و لە هەلومەرجێکدا کاربکەن. ڕۆڵی ژنانی کارکەر لە ناو هێزی کاردا بەپێی بونیاد و پێویستی و دابونەریت و خووی ئەوکۆمەڵگایانە دەگۆڕێت کە تێیدا دەژین.لە سەردەمانی پێش مێژوودا ژن و پیاو بەڕێژەیەکی نزیکی وەکویەك بەشداریی ڕاوکردن و چالاکیی بەدەستهێنانی نانیان کردووە. لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا کارکردنی ژنان زیاتر بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. لەماڵەوە خواردنیان ئامادەکرد،جلوبەرگیان دروستکرد، گرنگییان بە منداڵ دا، و لە کێڵانی کێڵگەکانیشدا یارمەتییان پێشکەشکرد و دروێنەیان کرد و سەرۆکاریی ئاژەڵیشیان کرد. کە شاریش پەیدابوو ژنان فرۆشیارییان کرد و کاڵافرۆشیی ناو بازاڕیشیان کرد.

ئێستە لەناو وڵاتە پیشەسازییەکاندا گۆڕانی گەورە بەڕێوەدەچێت، بەشێکی ئەو گۆڕانانە ئەوەیە کە بەردەوام ڕێژەی ژنان لەناو هێزی کاردا زیاددەکات. لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتییەکانی ناو خێزان (بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی خێزان و زۆربوونی ئەو تەکنەلۆژیایانەوە کە بۆ ناوماڵ داهێنراون) کەمبۆتەوە. ژنانیش پلەی بەرزی خوێندنیان بڕیووە. بۆیە ئەوانەشی کە لە ئاستی باڵا، یان ناوەندیدان بۆئەوە کاردەکەن کە کرێی خۆیان وەربگرن.

## سەرەتاکانی دەرکەوتنی ژنانی کرێکار

لە(٢٠٠٠)ساڵی پێش زایندا لە وڵاتی بابل،ژنان ڕێگەیان پێدەدرا لە بزنسدا ئیش بکەن و کاری نوسەرییش بکەن. لەزۆری کۆمەڵگە دێرینەکاندا هەرچەندە ژنانی چینە باڵاکان هەر بۆ ناوماڵی خۆیان تەرخان دەبوون، بەڵام ژنانێکی تر هەبوون بۆ

کرێکاریکردن کە یان کۆیلە بوون، یان کارێکیان دەکرد کە کارامەیی نەدەویست.

لەیۆنانی کۆندا ژنان کاری دەرەوەیماڵیان کردووە، وەك کاڵافرۆشیی خوێ،هەنجیر،نان و لۆکە، یان بەرگدوورین، و دایەنی و جلشۆری و پینەچێتی و گۆزەگەری. لە ئاسیاشدا ئەگەرچی کە ژنان شوێنەوارێکی ئەوتۆیان نەبووە، بەڵام شێوازەکانی کارکردنیان هەر لەوانەی یۆنان چووە.بەڵام لە هیند ژنان بەگژ بەرددا دەدران، بۆئەوەی ڕێگەیان پێدروست بکەن، هەروەها چەندان سەعاتی دووردرێژ لە قوماشچنیندا کاریان پێکردوون.

# ئەوروپا لە چاخەکانی ناوینددا

کارکردنی پیشەوەران لەناو ماڵی خۆیاندا شتێکی نامۆ نەبوو، لەبەرئەوەی دەیانتوانی لەماڵەوە لە توانای کارکردنی خێزانەکانیشیان سوود وەربگرن. ئەم نەریتە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا زۆر باوو بوو، کە کۆمەڵەی دارتاشەکان(دار هەڵکۆڵەران) کە بە کۆمەڵەی(سی سی) ناسراوبوو، ژنانی ناوازە دەکرد و هەندێکی بێوەژنانی بە ئەندام وەردەگرت، لەبەرئەوەی تیایاندا هەبوو، کە پێداویستییەکانی پیشەوەریی تێدابوو. هەندێکی کۆمەڵە بەرایییەکان ڕێگەیان نەدەدا ژن بە ئەندام وەربگیرێ، و هەندێکی تریان بەپێی چەند مەرجێکی سنوردارکراو وەریاندەگرتن. لە سەدەی چواردەدا لە بەریتانیا و فەرەنسەدا ژنان بە ژمارەیەکی زۆر شان بەشانی پیاوان لەناو کۆمەڵەی پیشەوەرانی بەرگدرو و سەرتاش و دارتاشەکاندا بە ئەندام وەرگیران. هەروەها کۆمەڵەی تایبەت بە پیشەی هەڵکۆڵین و جلوبەرگسازییش هەبوون کە تەنها تەرخان بوون بە ژنان.

سیستمی کۆمەڵەکانیش وردەوردە گۆڕا بە سیستمێك کە ئامێر و کەرەستەکانی کارکردن لەلایەن بازرگانەکانەوە بەسەر کرێکارەکاندا دابەشدەکرا، کرێکارەکانیش بە پارچەکاری ئیشیان دەکرد و لەناو ماڵەکانی خۆیاندا بەرهەمیان دەهێنایە کایە، هەندێکی ئەم کرێکارانە لە ژنان بوون، ئەم ژنانە راستەوخۆ پارەی کارکردنەکانی خۆیانیان وەردەگرت. پیاوەکانیش لەلایەن ژن و منداڵی خۆیانەوە یارمەتیی راستەوخۆیان پێشکەش دەکرا.

## شۆڕشی پیشەسازی

لەسەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کە شۆڕشی پیشەسازی گەشەی سەند سیستمی لەماڵەوە ناردنەدەرەوەی بەرهەمیش وردوردە کزبوو، ئەو بەرهەمانەی کە لە ماڵەکاندا بەدەست بەرهەم دەهاتن ئیتر لە کارگەدا و بەشێوەی پیشەسازی دەهێنرایە بەرهەم. بۆ بەدەستهێنانی هەندێکی کارە تازەکان ژنان پێشبڕکێیەکی زیاتری پیاوانیان کرد، بەلام

پێشبڕکێکردنەکە لە سەرەتاوە لەسەر کارەکانی ناو ئاشەکانی تەونکاری و کارگەکانی قوماشسازی بوو.

## ژنە کرێکارە ئەمریکییەکان

زۆری بەشەکانی ئەمریکای کۆلۆنیالی کشتوکاڵی بوون، زۆری ژنانیش شانبەشانی پیاوان لە زەویدا کاریان کردووە. تەنانەت لەپاش شۆڕشی ئەمریکاش بەشدارییان لە کایەی ئابوریدا هەبووە، یان بە کشتوکاڵکردن، یان بە ڕاگرتن و پەروەردەکردنی ئاژەڵە ماڵییەکان.

لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا سیستمی کارگە لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوبۆوە. یەکەم کارگەی لۆکە لەساڵی(١٨١٤)دا دروستکرا، لە دەوروبەری(١٨٥٠)دا تێکڕای (٢٤٪)ی کرێکارانی کارگەکان لە ژنان بوون.ئەمانە جلوبەرگ و پێڵاو و جگەرەو بەروبوومی تریان بەرهەم دەهێنا.

لە باکوری رۆژهەلاتیشەوە کە ژنانێك بە خوێندەوارییەکی کەم و ئینگلیزییەکی شکاوەوە پەنایان

بۆ ئەمریکا برد، بوون بە هێزی خستنەگەڕی کارگەکان.
لە باشوریشەوە ژنانی ڕەشپێست بەرەو کارگەکان و کاری ناومالّی کەوتنە جولّە، سەرەتا وەك کۆیلە و پاشتریش وەك کرێکاری ئازاد.

سیستەمێکی تری کاری مالّەوەیی لەشێوەی ناردنەدەرەوەکەی بەرهەم کە باسمان کرد پەیدابوو، و زۆر ژنی وا لێکرد لەناو مالّەکانی خۆیاندا و لە بەرامبەر کرێیەکی کەمدا کاربکەن.

لە دەروبەری سالّی(١٨٩٠)دا نزیکەی چوار ملیۆن ژن لە بەرامبەر کرێدا کاریان دەکرد.ئەم ژمارەیە ڕێژەی (١٨٪)ی هەموو ئەو دانیشتوانە ئافرەتانەی دەکرد کە تەمەنیان لەسەرووی (١٤)سالّەوە بوو، هەروەها ڕێژەی(١٧٪)ی تەواوی هێزی کاریان پێکدەهێنا.

نیوەی ژنانی کرێکار تەمەنیان لەخوار(٢٥)سالّەوە بوو، هەروەها لە دە ژنیان حەوتیان شو و مێردیان نەبوو. زۆربەشیان لە خزمەتگوزاریی ناومالّ،مامۆستایی،کارگەکانی جلوبەرگسازیدا کاریان دەکرد، و تەنها (٥٪)یان سکرتێر، یان نوسەر، یان فرۆشیار بوون.

## أ ) دامەزراندنی یەخەسپییەکان

سەرەتای سالانی(١٩٠٠) بەوەدا دەناسرێتەوە کە گۆڕانێك لە گەشە و پێکهاتەی هێزی کاردا ڕوویدا، ئەوەبوو لە ئەنجامی ئاوەدانی و خوێندەواربوونی خەڵکەوە هێزێکی کار بە ناوی یەخە سپییەکانەوە هاتنەئاراوە.زۆری ژنان کە قۆناغی ناوەندییان خوێندبوو چوونە ناو ئەم هێزی کارەوە و سەرەتا وەکو مامۆستا و نەخۆشەوان دەستیان بەکارکرد.

هەر لە ساڵی(١٩٠٠)ەکاندا، کە بەکارهێنانی ئامێری چاپکردن گەشەی سەند ژنان زیاتر لە (٧٥٪)ی کارەکانی تایپستییان بۆ خۆیان برد،هەر لەو ساڵانەدا ڕێژەی(٢٩٪)ی کرێکارانی تەلەفۆن و تەلەگراف لە ژنان بوون.

وەکو زۆربەی ژنانی تری ناو هێزی کار ژنە کرێکارە یەخە سپییەکانیش گەنج و تەنیا بوون (ئەو کچانەی کە

بوبونه مامۆستا، هەر کە شوویان کردبا، داوایان لێدەکرا واز لە کارەکانیان بهێنن)یان کرێی کەمتریان لە پیاوان پێدەدان، ئەگەرچی هاوڵاتی و خوێندەواریش بوون. بەڵام ژنان بەدرێژایی سەدەی بیست دەستیان لەم کاری یەخەسپیێتییە هەڵنەگرت، ئەگەرچی ئاستی داهاتەکەشی کەم بوو.

## ب ) یاسادانان

دووجۆر یاسادانان کاریگەرییان لەسەر ژنانی کرێکار دانا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(یاسای خۆپارێزی و یاسای دژەهەڵاواردن، یان هەلی یەکسان و یاسادانان)یاسای پارێزگاری کە لە سەرەتای چاخی پیشەسازیدا گەشەی کرد، بۆئەوەبوو کە ژنان و منداڵان لەپاوانکاری بپارێزێت، بۆ نمونە بە کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کار و شەفتەکانی کارکردن، یان

کەمکردنەوەی ئەو قورسییانەی کە دەبو هەڵیبگرن، یان کەمترین ئاستی کرێ کە دەبێ وەریبگرن.

ولایەتی (ماسەچوستس) لەساڵی(١٩١٢)دا کۆمیسیۆنێکی دروستکرد بۆ دیاریکردنی کەمترین بڕی کرێی بەرامبەر بە کاری ژنان و منالان. حکومەتی فیدراڵییش لە ساڵی(١٩٣٨)دا پێوەرەستانداردەکانی کرێی کاری خستە کایەی جێبەجێکردنەوە.بەم پێوەرە بەرزترین رادەی سەعاتی کار و کەمترین کرێی حەقدەستی هەر تاکێکی دیاریکرد کە لە بەرهەمهێنانی کالا، یان بازرگانیی نێوان ولایەتەکاندا کاریان دەکرد.

پاشان ئەو پێوەرانە لە ساڵی(١٩٧٤)دا دەستکاریکران و باسی کارگوزارە خۆجێییەکانیشی خرایەسەر.

لەسالانی شەستەکاندا یاساکانی پارێزگاریلێکردنی ژنان گۆڕان بە سیاسەتی دژە هەلاواردن(واتە دژە جیاوازیکردن)ئەمەش لەڕێگەی یاساپێژی و کۆمەڵە داوایەکی تەنفیزی و بڕیاریکی دادوەرییەوە بوو بۆ رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ژنان لە دامەزراندندا ،

هـــەروەها بۆئـــەوەش فێرکردنیـــان ببێتـــە ئامـــانجێکی فیدراڵی. یەکەم سیماکانی خستنەگەڕی ئەم ئامانجە لە ساڵی(١٩٦٣)دا بوو، بە یەکسانکردنی کرێ بوو. ئەمـە پێوەرەکـانی یەکسـانیی کرێـی کـاری راسـتکردەوە و جیاوازیکردنێکی لە وەرگرتنی کرێدا نەهێشت کە بە ئاشکرا لەسەر بنەمای جیاوازیی ڕەگەز دەکرا. هەروەها دامەزراندنی تایبەتیشی نەهێشت.

ئەم یاسایانە ئێستە بۆ خەڵکانێکی ناپسپۆر هـەر لەگەڕدایـە(واتـە بـۆ کرێکـارانی کارکـەر بەرامبـەر بـە حەقدەست یان مووچە)هەروەها بۆ هەندێکی پیشەوەران و جێبەجێکاران و کارگێڕییەکان.

ئەدرەســـی حەوتـــەمی مافەمەدەنییـــەکان، کـــە لەســـاڵی(١٩٦٤)دا دەرکـــەوت، نـــەك هـــەر لـــەڕووی مســـۆگەرکردنی یەکســـانیی کرێـــوە، بـــەڵکو لـــەڕووی پۆلینکردنی کـار و ئـەرك و بەرزکردنـەوەی پلـەی کـار و مەشـق پێکردنیشـەوە هـەڵاواردنی ڕەگـەزیی نەهێشـت. راستکردنەوەیەکی یاسایی لەسـاڵی(١٩٧٨)دا داوای لـە

خاوەنکاران کرد کە مامەڵـەی وەك هـەرجۆرە کەمئـەندام بوونێك لەگەڵ سکپڕبووندا بکەن.

لەساڵی (١٩٨٦)دا دادگای باڵا بەکۆی دەنگ بڕیاری دا کـە هـەرجۆرە هەراسـانکردنێکی سێکسـیی کەسـی دامـەزراو بـە پێشـێلکردنی یاسـای مافـە مەدەنییـەکان بژمێردرێت. "کۆمیسیۆنی رەخساندنی هەلی وەکویەکیی دامـەزراندن" ئەدرەسـی حەوتـەم بۆمامەڵـە لەگـەڵکردنی هەراسانکردنی سێکسیش بەکاردەهێنن.

زۆر داوای جۆربەجۆری تـەنفیزی لەلایـەن وەزارەتـی کارەوە رووبەڕووی ئەو کۆمپانیایانە کراوەتەوە کە کاری حکومـەت بـە کۆنتـەرات دەکەن ، و ئاگاییان پێـدراوە کـە نابێت هەڵاواردنی ڕەگەزی بکەن و دەبێ لەخستنەبەرکار و بەکرێگرتن و مەشقپێکردندا هاندەری ژنان بن.

لەمـەوە و لـەژێر دەسـتەڵاتی فـەرمانڕەوایی ئیـدارە پارێزکارەکـەی سـەرۆك (رۆنـاڵد ریگـان)دا هەڵسـوکەوتی دوژمنکارانە لەدژی ژنان کەمتر بووەوە.

بەدەستەوەگرتنی بەرپرسیاریی خێزانی بەڕوونی پەیوەندیی بە دابینکردنی هەلی یەکسانی دامەزراندنەوە هەیە بۆ ژنان. ولاتەیەکگرتووەکان سیاسەتێکی فیدراڵییانەی بۆ سەرپەرشتیکردنی منالان نییە. بەلام هەندێ بەرنامەی حکومەت هەن کە کاریگەرییان لەسەر سەرپەرشتیکردنی منالان هەیە. شەش پرۆگرامی سەرەکی لەمانە کە بەرنامەی ئەفزەڵیەت پێدان و دەرماڵەی کاریان تێدایە و بۆ ئەو خێزانانەیە کە داهاتیان کەمە.

هەرچەندە هەر لەسەردەمی سەرۆکایەتیی ریگاندا بەهۆی فشاری بودجەوە خرانەبەر فشار. و باجێکی دڵنیایی کە پەیوەندیی بە سەرپەرشتیکردنی منالانەوە هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی خرایەسەر ئەو کاری ئەو خێزانانەی کە داهاتیان ناوەندییە، یان بەرزە.

# ئاراستەکانی ئێستا لە وڵاتەیەکگرتووەکان

لەساڵی(٢٠٠٠)دا نزیکەی (٦٣)ملیۆن ژنی تەمەن شانزە ساڵ و لە شانزە بەرەوژوور دامەزرابوون و ئەمانە ڕێژەی(٤٧٪)ی هەموو هێزی کار پێکدەهێنن. ڕێژەی سێ بۆ پێنجی(٦٠٪) هەموو ژنە دامەزراوەکان تەمەنیان لەسەرووی( ١٦)ساڵەوەبوو،(٦٦٪)یان ڕەشپێست بوون و (٦٨٪)ی هەموو هێزی کار لە ڕەگەزە ئیسپانییەکان بوون. نزیکەی(٦٨٪)ی هەموو ژنانی کرێکار بەبێ مارەیی شوویان بەمێردەکانیان کردووە.(٧٢٪)ی ژنەکرێکارەکان منالی خوار تەمەنی(١٨) ساڵیان هەیە. ژمارەی ئەو دایکانەی کە لەکاتی کارکردنیاندا منالی خوار تەمەنی شەش ساڵیان هەبووە لەساڵی(١٩٦٠)ەوە بۆ (٢٠٠٠) سێ هێندە زیادی کردووە.

سەرباری زۆربوونی ژمارەی ژنانی کرێکار لەپاش تێپەڕبوونی پتر لەچارەکەسەدەیەك بەسەر دابینبوونی هەلی یاسایی یەکسانی بەرامبەر بە پیاوان، هێشتا لەسەرەتاکانی سالانی(٢٠٠٠) و سالانی(١٩٠٠)یشدا

ژنـان هـەر تـەرکیزیان لەسـەر چـەندجۆرێکی کـەمی کارکردن بووە، کە تیایاندا بەشـێوەیەکی گشـتی کرێـی کـەمتریان لـەکرێی پیـاوان وەرگرتـووە. نزیکـەی(٢٣٪)ی ژنـــانی بـــەرکار کـــاری یارمەتیدەرانـــەیان کـردووە،نزیکـەی(١٨٪)شـیان کارێکیـان کـردووە کـە کرێکەی کەم بووە.هەندێ کار و پیشەسازی هەن لـەوە دوورتربوون کە دەستی ژنانیان پێبگات..(٩٩٪)ی کاری سـکرتێری بـۆ ژنـان بـووە،هـەروەها (٩٨٪)ی کـاری ناوخێزانی و سەرپەرشتیاریی منالّ(٩٧٪)ی فەرمانبەریی پێشـوازیی(٩٦٪)ی کـاری خزمـەتگوزاریی ناومـالّیی تاییـــەت(٩٣٪)ی پەرســـتیارانی بـــەڕەسمی تۆمـــارکراو(٩٠٪)ی ڕاگریـــی ســـندوق و (٦٤٪)ی ژمێریارانی شوێنانی بازرگانیی تاکفرۆشی لە ژنان بوون.

ئامارەکان ئەوەپیشاندەدەن کـە فەرمانبـەرانی بـواری جلوبەرگسازی، پیشەسازیی چنین، پەیوەندی و تەلەفۆن، ڕاژەگوزاریی تەندروستی، و پەروەردەی خۆجێی بەپلەی یەکەم لە ژنان بوون.

ژنانی ئەمریکا ئەمڕۆ پتر لە هەرکاتێکی تری رابووردوو کاری جۆراوجۆری داهات باشیان هەیە. لە دوو دەیەی رابووردوودا زۆری ژنان چوونە بواری پیشەسازییە تەکنەلۆژییە نوێیە بالاکانەوە. بۆنمونە لەسالی(١٩٩٨)دا رێژەی(٣١٪)ی هەموو بەرنامەدانەرانی کۆمپیوتەر و (٢٨٪)ی زانایان و شیکارکارانی کۆمپیوتەر لە ژنان بوون.

ژنان گەشەیەکی لەسەرخۆ، بەلام جێگیریشیان کرد لەچوونەناو کایە نائاساییەکانی وەك کاری ئەندازیاری و بیناسازی، هەروەها پزیشکی و یاسایی و پۆستی سیاسییانەی هەلبژاردەو بەرچاویشیان بەدەستهێنا.

ژنان ئێستەش لە بەرامبەر کارەکانیاندا کرێیەکی کەمتر لەپیاوانیان پێدەدرێ. لەسالی(٢٠٠١)دا تێکڕای داهاتی هەمیشەیی سالانەی ژنان بەرێژەی (٢٨٪) لە داهاتی پیاوان کەمتربووە. بۆئەنجامدانی کارە پیشەییەکان(پرۆفیشنالییەکان) ژنان لەبەرامبەر یەك دۆلاری کرێی پیاواندا (٧٠)سەنتیان وەرگرتووە،لەکاری فرۆشیارییشدا لەبەرامبەر هەر دۆلارێکی ئەوان

(٦٠)سەنتیان وەرگرتووە. هۆیەکی ئەم نایەکسانییە ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەمی ژنان کاری پلەبەرز و داهاتی پلەبەرزیان هەبووە،تەنانەت لە کارگەلێکی وەك کاری کۆمەڵایەتی و کتێبخانەیی و مامۆستاییدا کە ڕێژەی ژنان تیایاندا زۆر لە ڕێژەی پیاوان بەرزترە. تەنانەت کاتێك کە ئەوان هەمان جۆر و هەمان ئاستی کار لەگەڵ پیاودا ئەنجامدەدەن، زۆرجار کرێی ئەوان لەهیی پیاوان کەمترە. شانسی ژنان وایە کە زۆرجار کاری نیوشفت بکەن ، تەنها بۆئەوەی بێکارنەبن.

ژنان لەناو زۆری گروپە کەمایەتییەکاندا هێشتا هەر کرێکانیان کەمترە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کاریگەریی هەڵاواردنی ڕەگەزییە لەسەریان.

لەساڵی(٢٠٠٠)دا (١١,٥٪)ی هێزی کاری ژنان چوونە ناو یەکێتی و سەندیکاکانی کارەوە، بەو ژمارەیە ڕێژەی(٤١٪)ی هەموو ئەندامانی ئەو یەکێتییانەیان پێکدەهێنا. یەکێتی و ڕێکخراوەکانیش بەگشتی هەر ڕەنگدانەوەی بازاڕبوون، زۆرینەی ژنان لەناوسەندیکاکاندا هەر تەرکیزیان لەسەر چەند سەندیکایەکی دیاریکراوبوو. زیاتر لە(٨٠٪)ی ئەندامانی

سەندیکای تێکەڵی جلوبەرگسازی و چنین و یەکێتیی نێودەوڵەتیی ژنانی کرێکاری جلوبەرگسازی ژن بوون.

سەرباری ئەوەی کە ژنانی ناو کارەپیشەییەکان(یەخە شین) زیاتر ڕوولەوەبوون ببنە ئەندامی یەکێتییەکان، شانسی فەرمانبەرە یەخەسپییەکانی وەك مامۆستایان،پەرستیاران،نوسەرانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی، باشتر و خێراتر بوو بۆ بوونە ئەندامی ئەو یەکێتییانە، و ئەمانە توانییان کرێ و هەلومەرجی کارکردنی خۆیان بەرەوباشتربوون بەرن.

زۆری سیاسەتداڕێژەران وادەزانن کە گرفتی سەرەکیی ژنانی کرێکار برێتی نییە لە کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان، یان یەکسانی لە بەدەستهێنانی کاردا(ئەگەرچی کە ئەمانەش گرنگن)بەڵکو لەوەدایە کە کارە هەرزانبەهاکان لەلایەن ژنانەوە ئەنجامدەدرێن، نەریتەکە وایە. چەمکی"هەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان" تەحەداکردنێکی ئەو ڕەوشانەی ئێستایە کە خاوەنکارەکان دەتوانن دەرماڵە و خەرجی بخەنەسەر لیستی مووچەکان.

## ژنانی کرێکاری نەتەوەکانی تر

سەرباری ئەو ڕاستییەی کە ژنان زیاتر لە سێیەکی هێزی کاری هەموو جیهان پێکدەهێنن، هێشتا بەشێوەیەکی گشتی هەر تەرکیزیان لەسەر چەند ژمارەیەکی کەمی کاری نەریتییە، وەك ئەو کارانەی کە پێویستیان بە بوونی بڕوانامەی تەکنیکیی باڵا نییە و زۆربەشیان کرێیان کەمە. بەپێی چەند داتایەکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ، سەرباری ئەوەش کە وڵاتەکان ڕوویان لەوەیە ببن بە پیشەسازی، زۆری ژنان هێشتا هەر کاری دەستییان دەستدەکەوێت.

## أ/ ئەوروپای ڕۆژئاواو ژاپۆن

نمونەی دامەزراندنی ژنان لە ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئێستە لە وڵاتەیەکگرتووەکانی پێش سالانی(١٩٩٠)دەچێت. بەشداریکردنی ژنان لەهێزی کاردا لەئەڵمانیای ڕۆژئاوادا(کە ئێستە بەشێکە لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی) بریتییە لە (٣٨٪)،لە سوید بریتییە لە(٥٥٪).

زۆری ئـەم وڵاتانـە جۆرێـك لـە هـەلی دامـەزراندنی یەکسـان و یاسـای پارێزگاریکردنیـان هەیـە. جـۆرە ڕێکـەوتنێکی گشـتی لـەوێ بـەکاردێت بـە مەبەسـتی باشترکردنی هەلومـەرجی کـارکردنی ژنـان کـە فراوانـترە لەوەی لە وڵاتەیەکگرتووەکان هەیە.

لەناو نەتەوە ڕۆژئاواییەکاندا سوێد لەوەوە نزیکە کە یەکسانی لە دامەزراندندا بەرقەراربکات.لەم دوو دەیـەی دواییـدا تێکـڕای نـاوەندیی داهـاتی یـەك سـەعات کارکردنی ژنان لەڕێژەی(٦٦٪)ی داهاتی پیاوێکـەوە بـۆ هەمان کار بەرزبۆتەوە بۆ(٨٧٪). لەهەمانکاتدا حکومەتی سویدی کۆمەڵێك ریفۆرمی سەرەکیی سەپاندووە بەسەر کتێبـی قوتابخانـەکان و پـەیڕەوەکانی خوێندنـدا بـۆ فـێرکردنی پـەروەردەیی و سەرپەرشـتیکردنی منـاڵان و سیاسەتی باج و یاساکانی زەماوەندکردن و جیابوونەوە. هەموو ئەمانـە خراونەتـە خزمـەتی ئەو مەبەسـتەوەی کـە ژنـان لـە بـازاڕی کـاردا لـە هەلومـەرجێکی یەکسـان بەهرەمـەندبن، هـەروەها پێویسـتییە تایبەتیـەکانیان لەبەرچاوبگیرێت، لەکاتێکدا کە دایك بن.

هەروەها پرۆگرامگەلی راوێژکاری و کۆمەککردن دانراوان بۆ سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی ژنان بۆناو هێزی کار.. ولاتانی تری ئەوروپا لە مۆدێلی سویدیان کۆڵیوەتەوە و هەندێکیشیان خۆیان لەسەر ئەوە رادەهێنن کە خۆیان لەگەڵ ئەو سیاسەتی خۆشنودییە کۆمەلایەتییەی سویددا بگونجێنن.

ژاپۆن بەپیشەسازیکراوترین نەتەوەیە لە رۆژهەلاتی دووردا، بەشێوەیەکی گشتیش هەڵوێستە تەقلیدییەکانی خۆی سەبارەت بە ژنانی کرێکار واز لێنەهێناوە. بۆنمونە هەر ژنێك کە منالێکی ببێت پێشبینیی ئەوە دەکات کە لە کارەکەی خانەنشینی بکەن. لەزۆربەی ولاتاندا ئەو ژنانەی کە بڕوانامەی بالایان بەدەستهێناوە بەختی زیاتریان بۆئیشکردن هەیە، بەلام لە ژاپۆندا ئەم بارە بەپێچەوانەوەیە.

ئەو ژنانەی کە بڕوانامەی کۆلیژیان هەیە زۆر پەسەندناکرێن بۆکارکردن و زۆربەیجار ناچاردەکرێن واز لە کارەکانیان بهێنن.

## ب / ئەوروپای ڕۆژهەڵات

سیاسەتی دامەزراندنی ژنان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا پشتی بەو بیروباوەڕە بەستووە کە ژنان ماف و ئەرکی کارکردنیان هەیە و لەسەرە. لەساڵی(١٩٦٣)دا دەستوری شوورەوی ئەوەی دەستنیشان کرد کە هیچ لادانێك لە پرەنسیپی یەکسانیی ژن و پیاو نییە و نابێت. یەکێتیی شوورەوی و هاوپەیمانەکانی بناغەیان بۆ سەرپەرشتیی منالْ، تەندروستی، پەروەردە و ئامرازەکانی ئاسوودەیی و خۆشنودی دارِشت.

بەپێی خەملاندنەکان لەساڵانی حەفتاکان و سەرەتاکانی هەشتاکاندا نزیکەی(٨٥٪)ی هەموو ژنانی شوورەویی نێوانی تەمەنی (٢٠ بۆ ٥٠)ساڵ، لەکاری دەرەوەی ماڵی خۆیاندا دامەزرێنراون.

لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتیشدا (کە ئێستە بەشێکە لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵیی یەکگرتوو) ژمارەی ژنانی لەکار دامەزراو لە(٨٠٪)زیاتر بووە. بەڵام ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لەهێزی کاردا لە وڵاتەکانی هەنگاریا

و چیکۆسلۆڤاکیا(ئێستە بووە بە کۆماری چیك، و سلۆڤاکیا) کەمتر بووە، لەبەرئەوەی کە ئابورییەکانیان کەمتر گەشەی کردووە.

سەرباری ئەوەش کە ژنانی ئەوروپای رۆژهەلات لە ژنانی رۆژئاوا کاملترن، کەچی هێشتا هەر لەبواری هەندێ کاری باو و پیشەسازیدا کاردەکەن. بۆنمونە لە بولگاریادا (٧٠٪)ی کرێکارانی چنین پێکدەهێنن،کەچی تەنها (٢٥٪)ی ئەندازیاران لە ژنانن.

تێکڕای هەمان ئەم دوو جۆرە کارە لە یەکێتیی شوورەوی(٧٤٪) و (٤٠٪)بووە. و نیوشفت کارکردنیش ئەگەرچی پەسەند نەبووە کەچی نزیکەی نیوەی ژنانی شووکردوو کاری لە شفت کەمتریان کردووە.

ولاتانی کۆمۆنیست ئەوەیان راگەیاند کە کرێی یەکسانیان بۆ کاری یەکسان پیادەکردووە. بەلام لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا حکومەتە کۆمەنیستەکان لە ئەوروپای رۆژهەلاتدا هێزی خۆیانیان لەدەستدا.

## ج / نەتەوەکانی جیهانی سێیەم

زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین هێشتا هەر کۆمەڵە ئابوورییەکی کشتوکاڵیی لاوازیان هەیە. زۆری ژنان لەناو کێڵگە و بازاڕەکاندا ئیشدەکەن، کەچی بەشێوەیەکی گشتی ددان بە بەشداریکردنی ئەوان لەکایەی ئابووریدا نانرێت.لەبەرئەوەی کە زۆری پیاوان بەدوای دەستکەوتی داهاتی مادیی باشدا ڕوو لەشارەکان دەکەن، زۆری ژنانی لادێ بەتەنها بەجێدەهێڵرێن بۆ ژیاندنی خێزان.

بانکی نێودەوڵەتیی بونیادنان و گەشەپێدان "سەرەتاییترین ئاستی شارەزایی"پێویستی بۆ ژنان و پیاوانی نەتەوە ڕوولەگەشەکردووەکان دیاریکردووە. ئەو سەرەتاییترین ئاستە ئەم شتانەی خوارەوەی تێدایە:

-زانینی خوێندنەوە و نوسین.

-هەندێ شانسی کارامەیی پیشەیی.

-پلاندانان بۆ کەموزۆریی ئەندامانی خێزان و بۆ تەندروستی.

-سەرپەرشتیکردنی منالْ.

-خۆراك.

-ئاو و ئاوەڕۆ.

-زانیاریی بەڕێوەچوون و بەشداریکردنی مەدەنییانە.

نەخوێندەواری لەناو ژناندا زیاترە لەپیاوان، تەنانەت لەو ولاتانەشدا کە هەندێکی یەکسانییان پیادەکردووە.

هەندێ گرفتی وەك بەرزیی ڕێژەی بێکاری کاریگەریی پێچەوانە دەخەنەسەر ژنان..

لەولاتانی ئەفریقیادا هەندێ گەشەسەندن رویداوە لە دابینکردنی هەلی کارکردندا بۆ ژنان.بەلام هێشتا ئەو ژنانەی ئەوێ هەلی یەکسانیان لە بەرنامەکانی فێرکردن و مەشق پێکردندا نەخراوەتەبەردەست، بەتایبەتیش لەبواری ئەو کارامەییانەدا کە بۆ بونیادنانی ئابوریی نەتەوەیی پێویستن.

* ئەم وتارە لە ژمارە(١٤)ی گۆڤاری تەواردا بلاوبۆتەوە، هاوینی٢٠٠٦.

# خراپییەکانی
# هەلومەرجی کارکردنی ژنان

## دەستپێکێك

وەك ئـەوەی کـە شۆڕشـی پیشەسـازی لەسـەدەی نۆزدەدا لە وڵاتەیەکگرتووەکان بەرپابوو، ژنانیش کەوتنە ئـەوەی لەهـەندێکی کارگـەکاندا کـاری کـرێ لـەو جۆرەپیشانەدا بکەن کە تازە داهێنرابوون. ئەوکارانەش شـفتی تەواو نەبوون، لەبەرئـەوەی ئـەوان هەقدەسـتێکی کەمتریان لە حەقدەستی پیاوان پێدەدرا. یەکێتییـەکانی کرێکـاران ئـەم جیاوازییـەیان وەك منافەسـەیەکی نـاڕەوا دەبینـی. کۆمیتەیـەکی ئـەو یەکێتییـە کـە تـاوتوێی "کـارکردنی ژنـان"ی کـرد، ئـەم راپۆرتـەی خـوارەوەی لەسـاڵی(١٨٣٦)دا پێشـکەش بە کۆنگـرەی نیشـتمانیی یەکێتی بازرگانەکان کرد. ئەو راپۆرتە ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو هەلومەرجە رووخێنەرانە کاریگـەریی خۆیان نەك هـەر دەخەنەسـەر ژنـانی کرێکـاری نـاو کارگـەکان و خێزانەکانیشـیان، بـەڵکو دەیخەنەسـەر تـەواوی چینـی کرێکار.

کۆمیتەکە داوایکرد دەزگایەکی یاسایی پێکبهێنرێت بۆ دانانی یاساگەلێك کە دامەزراندنی کچان لەکارگەکاندا لەخوار تەمەنێکی دیاریکراوەوە کەمبکاتەوە.

کۆمیتەکە بۆ ئەوە پێکهێنراوە راپۆرتی خۆی لەسەر خراپییەکانی هەلومەرجی کارکردنی ژنان بدات. بۆیە بەرێزەوە ئەم خالانەی خوارەوە وەکو دەرەنجامی بۆچوون و کۆنگرەکەشیان لەسەر هەمان بابەت دەخەنەڕوو. لەڕوانینێکی رەخنەگرانەی کۆمەلایەتی و ئاکارییەوە بەم ئەرکەی سەرشانی خۆیان هەستاون.

یەکەم-ئامانجەکە ڕوونکردنەوە و پێشچاوخستنی هەڵەکانی سیستمەکەیە، پاشانیش دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی کەمکردنەوە و کۆنترۆلکردنی خراپییەکانە.

بەدڵنیاییەوە ئەو سیستمی کارپێکردنی مێینە بەوشێوەیەی کە لەشار و شارۆچکە پیشەسازییەکانی ئێمەدا بەرێوەدەچێت دروشمێکی شوورەیی هێنەرە بۆسەر کەسایەتیی مرۆڤی ئازادی ئەمریکی، بۆیە ئەگەر لەلایەن کەسانی تایبەتمەندەوە پێداچوونەوەی تێدانەکرێت ئەوا بۆهەتاهەتایە نەزانی و نەهامەتی و شوورەیی بەسەر وەچەکانماندا دەهێنێت.

ئۆرگـانی فیزیـایی وبەرپرسـیاریّتیی سروشـتی و گونجانی ئاکاریی ژنـان بەتـەواوی ئـەوە دەسـەپێنن کـە کـاری ئـەوان پێویسـتە کـارێکی ناومـاڵی"یـان ناوخۆیی"بێت.

ئەگـەر کەسـێتی و تایبەتمەندێتییـەکانی خـەڵقێکی خواوەند شێوێنرابێت، ئەوا ئەو خەڵقە ژنـە لەوکاتـەدا کـە بـەهۆی بارودۆخێکی نائاساییەوە ناچـاردەکرێ ببێتـە کرێگرتەیـەکی مـافخوراو و رەنجدەرێکـی جامبازیکـەر و پاوانکـار. بزانـن وەچـەی داهـاتووی چینـی کرێکـاری ئەمریکی چییان بەسەردێت، ئەگـەر سیسـتمی کارکردنی ژنان بەباشی و تەواوی بەهرەی لێوەرنەگیرێت.

تەندروسـتیی کچـانی عـازەب لەزۆربـەی کێشـەکاندا کەوتۆتـە بەرمەترسـیی فشـاری دەروونـی و داگـیرکردنی ناسروشـتییانەو و بێبـەری کـراون لـەو شـتانەی کـە بەشێوەیەکی زەروری پێویستن بۆ رۆشنبیریی خۆیان و گرنگیدان بـە تەندروسـتیی منـاڵ، زۆرجـار ئـەوان پێـش لەدەسـتدانی تەندروسـتییان، لەئـەنجامی بونیانـەوە لـەناو قەرەباڵـەغیی ئەو هەموو ژمارەی خەڵك و رەگەزەجیاوازەدا رەوشتیان لەدەستدەدەن.

لەمـــەوە چـــەند جـــۆری خراپـــی و کـــاری نەشـــیاو بەرپادەبێ، زۆرجار نەداری دەبێتە هاندەر و بەهانەی ئەو خراپییانە، ئەمەیان خاڵێکی بابەتەکەیە ، کە لەسەرووی هــەموو خاڵــەکانی تــرەوە پێویســتە هەســتی هــەموو مرۆڤێکی بەئاکار و بەتایبـەتییش دایکـان و باوکـان لـە بەرامبەریدا ببزوێن.

ئـەم خراپییانـە بۆخۆیـان گــەورەن و بــەدەنگی بــەرز هاواردەکەن بۆئەوەی چارەسەرێکی بەپەلەیان بۆ بکرێ. بـەڵام هێشـتا ناهەمواریـیـەکی تـری دژی سیسـتمەکە لـە دەرکەوتندایـە، کـە لەوانەیـە ئەمـەیان بەرهـەمی کۆمەڵـە خراپییــەکی تــر بێــت، ئەمــە مەبەســت لــەو رکەبەرییــە وێرانکەرەیـە کـە لـە سـەنگەری بەرامبـەری کـارکردنی پیـاواندا دروسـت بـووە، ئـەو ڕکەبەرییـە لەڕاسـتیدا وەك کودەتایەکی زۆر باش ئامادەکراو وایە، ڕۆڵی پاسـەوانێك یـان کەسوکار دەبینێت بەسـەریانەوە ، لـە بـەرژەوەندیی خاوەنکـارە و ئامانجەکــەی ســود و قــازانجی ئەوانــە و وێرانکردنی تواناکانی لێدەکەوێتەوە.

دیـــــارە خاوەنکارەکـــــەش فشـــــاری خـــــۆی دەکـات،بەدڵنیاییـەوە ئـەو وایـە، ئـەو کۆمـەکی ژنانــە

فشاردەخاتەسەر نزیکبوونەوەی کۆتاییەکانی ئەویش، چونکە رەنگە ئەو کارکردنەی ژنان دواجار بگاتە ئەوەی لەڕووی گۆڕەپانی کارکردنەوە فشاری بخەنەسەر ، یان کرێکانیان وەك کرێی ئەویان لێبێت. بەم مانایە باوك،مێرد، یان برا بێبەش دەبێت لە کۆمەکێك کە دەکرێ لەڕێگەی کارکردنی ژنەوە پێیبکرێت بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی و خێزانی سەربەرزانە ، لەو ڕێگەیەوەی کە ژنەکەی یان ئەو ئافرەتەی کە کەسێکی تەرخان بووە تەنها بۆکاریماڵەوە.

بەدەر لەمانەش ئەو خراپییانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، لەو کاتەدا کە کاردەکەن،چ بە تەنهاش بن یان تەنهاش نەبن کەم نییە، چونکە لەوانەیە رکەبەرایەتیی سەخت یەخەیان پێبگرێت. چونکە کاتێك کە ژنان بە ژمارەی زۆر لەکاردا کۆدەبنەوە و بەگشتییش سەرۆکاریی ئەوکارانە دەکەن کە بە ئامێر و مەکینە دەکرێت، ئیتر گریمانی پێداویستیی ئەو کارانە ناهێڵنەوە کە بە دەست ئەنجامدەدرێن، مێینەش بەشێوەیەکی گشتی کاتێکی کەمیان پێویستە بۆئەوەی

سـەليقەو شـارەزايى هـەر كـارێك وەربگـرن و لەمەشـەوە پێداويستيى كاركردنى پياوان كەم دەكەنەوە.

بۆيـە ئەگـەر ئـەم خراپييـە لـێرەدا راوەسـتێنرا ئـەوا دەست بەسەرداگرتنيشى ئاسانتر دەبێت. بەلآم چلێسى و ئـارەزوى دەسـتكەوت و قـازانج هێنـدە زاڵـە نـاتوانرێت جڵەوبكرێت. خاوەنكارەكانيش بۆ درێژەدان بە كارەكانى خۆيان ناچارن كارى هەموو رەگـەزەكان ئـەزموون بكـەن و تاقيى بكەنەوە، دەنا ئەگەرى داهێنـانكردن لـە كارەكانـدا دەكەوێتە مەترسييەوە.

ژنـان بۆخۆشـيان زۆر لـەوە نابينـاترن كـە سـوودى راسـتەقينەى خۆيـان ببينـن. وادەزانـن هـەر هـەوڵێك بـۆ لەكارخستنى چـالاكيى ئـەو شێوەسيسـتمە بخرێتەگـەڕ، لـەناوبردنى داهاتەكـەى ئـەوانى لێدەكەوێتـەوە،ئەگـەرچى خۆى لەراسـتيدا ئـەو هەولآنـە بۆلابـردن و تێكشـكاندنى خراپيى ئەو هەلومەرجەيە كە ئەوان كارى تێدادەكەن.

بۆيە ئەوە گەمژەييە گەر وەك رەگەزێكى جياواز سەير بكرێـن تائەوكاتـەى كـە ئـەوان دەتوانـن هـەموو رەنـگ و سيماكانى خراپييەكان دەناسن. شتێكى ديكـە هەيـە، كـە ئەگەرچى پێويستـە لەلاى هەموو ئەو ژنانە روون بێت كـە

لـه ململانەکـەدان، ئـەویش ئەوەیـە کـە تـەواوی بەرهـەمی هەموو کارەکەی ئەوان هەر ئەوەندەیە کە بەشی ژیانێکی کوللەمەرگی بکات بۆیان، و سالآنەش کرێی کارەکانیان کەمدەبێتـەوە.دەبینی ئـەوان خۆیـان بـە پێوەرێـك دەبنـە رێگری ئەو پیاوانەی کە دەیانەوێت کرێکانی ئەوان بەرز بکرێنەوە، یان کاری یەکسانیان بۆ دابین بکرێت و کرێـی وەك پیاوان وەربگرن.

بۆیە لەراستیدا ئەم کارەی ئەوان کە دەیانەوێت تەنها خودی خۆیان لەگەڵ خێزانەکەیاندا دابـین بـبن هـەروەك ئـەوە وایـە کـە بـەردێك هەڵواسـن بـە گـەردنی پـارێزەرە سروشـتییەکەی خۆیانـەوە کـە پیـاوە، بۆئـەوەی بـەو قورسییە گەردنی بشکێنێت.

ئەمە بەرەنجامی سروشتی و راستەقینەی کارکردنی ژنانـە کـاتێك ئـەرکی تـری لـە دەرەوەی پێاویستییەکانی خێزانیـان دەخرێتەسـەر. ئەمـە لەبەرئـەوەی کـە دەکـرێ کەسـانی موزایـەدەکار بتوانـن لەرێگـەی ئـەو مینەئاڵتوونییانەی خۆیانەوە کە لە فرمێسك و نەهامەتی چەشتنی قوربانییـە بێتاوانـەکانی خۆیانـەوە دروسـتی دەکەن ئاژاوە بنێنەوە.

دیاره تەنها ئەوە بەس نییە کەپیاوانی ئازاد لە خوارەوەی ئاستی مرۆڤایەتیدا نیشتونەتە ناوتابوتی سەروەتەوە، چونکە ژن و کچەکانیان لەبەر مەترسیی کوورەکاندا گوزەران بکەن.ئایا چڵێسی تەنها بە بردنی باوکان و کوڕەکانی نەتەوەکەمان قایل دەبێت، تا ژن و کچەکانمان، کەسە خۆشەویستەکانی دڵمان، هەست و سۆزەکانمان نەخەنە بەر لولەی چەکی ئەو تێکدەرانە؟

ئایا هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی خاوێن دەتوانێت لە سنگی ئەو پیاوانەدا بمێنێتەوە، کە رۆژانە بەبێدەنگ دەڕواننە بارودۆخی کچەکانیان بەبێ ئەوەی کارێك بکەن بۆ بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستی شیاوی خۆیان، بۆئەوەی شەرەفیان بپارێزن؟ ئەوە بۆچی بوو کە کەسێکی نیشتمانپەروەری رۆمانی قوربانیی بە کچەکەی خۆی دا بۆئەوەی بتوانێت شەرەفی ئەو کچەی بپارێزێت"ئەوە مرواریییەکی شایانی شازادەکانە"، ئێمەش گەر ناتوانین وەك رۆمانەکان بین، با بتوانین رۆڵێکی پاوانە ببینین.

لیژنەکەمان ددان بەوەدا دەنێت کە بوونی سیستمێك بۆئێستای کۆمەڵگەکەمان کارێکی هەنووکەیی پێویستە.

٢-ئەو سیستەمەی کە هەیە لە ئاستی هەموو پەیوەندییەکانیدا تێکدەرانەیە.

٣-دەبێ بە قۆناغ تێکبشکێنرێت، و مێینەکانیش بەشدارییەکی چالاکانەی ئەو تێکشکان بکەن.

٤- دەبێ دەستەڵاتە یاساییەکانی ولایەتە جیاوازەکان داوای ئەوە بکەن کۆمەکیان بکرێ لە دانانی کۆمەڵە یاسایەکدا کە ڕێگە نەدات کچانی خوار تەمەنێکی دیاریکراو لەناو کۆمپانیا گەورەکاندا بخرێنەبەرکار، و کارکردنیان تەنها لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی خێزاندابێت.

ئەمانە هەموو وەکو خراپی پیشاندران، ئەگەر شتێکی پتر مابێت و پێویست بێت بسەلمێنرێت ئەوەیە کە لە ئەیالەتی(نیوئینگلاند)دا کارەکانی چاپکردن،چنین، فلچەدروستکردن، بەرگدوورین، دەستەوانەدروستکردن، و زۆر بازرگانیی تر بە دڵنیاییەوە لە دەستی ژناندان و ئەوان جڵەویان کردوون.

ئەوەش شتێکی سروشتییە کە ئەم بەڵگە نەویستە بۆ هەموو وڵاتەکەش هەروابێت. هەروەها ئەوەش پیشاندرا کە ژمارەیەکی ژنان لەدژی پیاوانی کرێکار دەخرێنەبەر

ئیشکردن. ئێستە لە تەواوی ولاتەیەککگرتووەکانی ئەمریکادا نزیکەی (١٤٠,٠٠٠)کەسێك هەن، کە رۆژانە دوانزە بۆ پانزە کاتژمێر لە هەلومەرجێکدا کاردەکەن، بەبێ بوونی هەوای پاك، راهێنانی پێویست و گونجاو بۆ تەندروستی،زیاتر لە هەلومەرجی چەوسێنەرانەدا دەیانهێڵنەوە تا ئەو ئاستەی پەکی گەشەی لەشیان بخات،ئەمەش تواناسرووشتییەکانی هۆشیان وێراندەکات، و هەرەمەکییانە پەلیان دەشکێنێت.

بەم پێیە تەنها لەناو شاری لەندەندا (پەنجاهەزار) لەشفرۆشی ناسراو هەیە، نۆ لەسەر دەیان لە ناچاریدا و لە نەداریدا دابەزیونەتە ئەو بوارەوە، لەبەرئەوەی کرێیەکی ناهەمواریان لەکارەکانیان لەناو کارگەکاندا وەرگرتووە، لە گەنجییاندا گوێ بە خوێندنیان نەدراوە، لەناو زۆرترین پیشەسازییەکانی بۆ ژنان گونجاودا کەمترین زانیارییان هەبووە. تووشبوونی هەمویان بە هەمان ئەم هۆکارانەوە بووە.

هەروەها گوێنەدانی کەسوکاران بە منداڵەکانی خۆیان وایکردووە بە ئاسانی لەلایەن ئەرستۆکراتە پاوانخوازە بێڵەکانەوە پاوان بکرێن.

ئێمە ئەم شیکردنەوانە وەك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بەکاردەهێنین سەبارەت بە ناسروشتی بوونی ئەو سیاسەتانەی کە سەبارەت بە مێینە شکڵی گرتووە، لەکاتێکدا کە ئەوان بەپێی سروشت پەل و لەشیان نەرمە و لەڕووی هەست و سۆزیشەوە ناسکترن.

بەپێی ئەم بەڵگە ئەزمووگەرییانە دەبێ کاری ژنان لە هاوبەشە پیاوەکانیان بە هەندتر وەربگیرێت.کەچی کاتێك کە تەنها ئەو کۆمەڵگایانە لەبەرچاوبگرین کە یەکێتیی فیلادلفیا پێکدەهێنن، دەبینین لە کۆی هەر پەنجاوهەشتیان بیست و چواریان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەکاری ژنان دەبەستن، ئەو ژنانە لە خێزانانی هەژارن و سوودەکانیشیان بۆ خۆیان نییە و بۆ خاوەنکارەکانیانە.

ئەمە هۆکارێکی باشە بۆئەوەی بمانباتە ئەو باوەڕەی کە خستنەگەڕ و کارپێکردنی هەندێك لقی جیاوازی ئامێرەکان بەپێی کات لەدەستی ژنان دەردەهێنرێن و بە تەواوی تەرخاندەکرێن بۆ پیاوان. ئەمەش دەبێتە

سەرەتایەك بۆ دەركەوتنی نافەمواری و تەمەڵی و تاوانكردن.

با وا لەئێمە تێنەگەن كە بەم پێشنیارانەمان مەبەستمانە توێژی ژنانی كۆمەڵگە بێبەری بكەین لە سودی كاركردنی پێشەسازیی بەسود بۆ خێزان بەخێوكردن، بەڵكو دەمانەوێ سەرنجیان بۆ بەشەكان تریش پیشەسازییش رابكێشین، ئەو بەشانەی كە وا دەژمێردرێن داهاتیان باشە و گونجاویشن بۆ تەندروستیی ئەوان. پەرە بە عەقڵیشیان دەدەن.

چونكە بڕوامان وایە كە بوار و هەلی كراوە هەن بۆ پیشەسازیی ژنان و داهێنانی ئەوان، كە سودیشیان زیاترە و كاری جەستەیی زۆریشیان ناوێت و بەجێگیرییش لەناو كارگەكاندا بەندیان ناكەن.

نابێ خاوەنكارەكان سەبارەت بە ماف و سەلاحیەتەكانی ئەو دەسەڵاتی یاسادانان، ئەو دەسەڵاتەی كە ریزبەندیی بەرهەمهێنەرەكان و رەمكارەكان دادەنێن و دادەڕێژن ، تەنها یەك وشەش

بڵێـن. چوونکـــە خراپییـــەکان لـــەو دەســـت تێوەردانـــە لابەلایانەوە سەرهەڵدەدەن. ڕێگەبدەن با یاسادانەران ئەو هەلومەرجە خراپانە لابەرن. با دەوڵەمەندان واز لە بڕیاری کاری هەژاران بهێنن، ئەوکاتە ئێمە ئاسوودەتر خۆشحاڵتر دەبین.

لـەکۆتایی راپۆرتەکـەیاندا لیژنەکـە دەڕووانـنـەوە بـەو پێشنیارانەدا کە خرانەپێشچاو، و لـەو بڕوایەشـدان کـە نـاتوانرێت بـەبێ هاوکـاریی ژنـان هیـچ شـتێك بکرێـت. سەرباری ئەو پێشنیارانەش کە بۆ چارەسەر کردویانە، ئومێدی ئـەوەیان هەیـە کـە رۆژی رزگاری زۆر دوورنییـە، کاتێك کـە هـەندێکیان رادەبـن بـۆ زیندووکردنـەوەی ئـەو بەشـە چەوساوەیەی کۆمـەڵ، بۆیـە بـەم بانگـەوازە چـەند پێشنیارەی خوارەوە کۆتایی بەم بانگەوازە دەهێنن:

-لــەڕوانینی ئــەم ڕێکەوتنــەوە، سیســتمی ئێســتای کارکردنی ژنان زیانی زۆر دەگەیەنێتە بەرژەوەندیی باڵای چینی کرێکار و تەندروستی عەقڵی و رەوشتە باشەکان گیرۆدەی گەندەڵی دەکات.

-ئەم ڕێکەوتنە لەڕووی هەستی مرۆڤایەتییەوە داوا لە سەرجەم یەکێتییەکان دەکات کە یارمەتی و ئامۆژگاریی خۆیان پێشکەش بکەن لەپێناوی بەشداریکردنی ژنان لە تەواوی ولایەتەکانی ولاتەیەکگرتووەکاندا و بۆ باشکردنی ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی ئێستەی سیستمی کارکردنی ژنان تێبکۆشن.

ناوەکان

-جۆن کرۆزین

-جەیمس مووروای

-یۆشوا.س.فلێچە

-چارلز.ف.د.جۆنز

سەرچاوە: چەند وتارێک لە "بایبلیۆبەیس"ەوە، لەلایەن"میکایل.ئ.بێلسایڵز"ەوە ئامادەکراوە.

# چەند ڕێنماییەك سەبارەت بە هەراسانكردنی سێكسی

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی کە سەبارەت بە هەراسانکردنی سێکسیی ناشەرعی دێنەپێش کۆمیسیۆنی رەخساندنی هەلی یەکسانی کارکردن(ك.ھ.ی.ك) لە ساڵی(١٩٨٠)دا ئەم رێنماییانەی دەرکردووە..دادگای باڵای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەساڵی(١٩٨٦)ەوە و لەپاش کێشەیەکی (بانکی پاشەکەوتکردنی مێریتەر)ەوە بڕیاریدا، کە بە پێی کارکردن بە بڕگەی ژمارە حەوتی ساڵی(١٩٦٤)ی مافە مەدەنییەکان هەراسانکردنی سێکسی جۆرێکە لە هەڵاواردن و قەدەغەکرا.

بەرەوپێشچوونێکی پێشوازی لێنەکراوی سێکسییە، هەرشێوازێکی پەیوەندی پێوەکردنی زارەکی، یان فیزیکییە بە سروشتی کردەی سێکسیی کەسێکی ترەوە،کە ئەمەش بە خۆبەدەستەوەدان، یان رەتکردنەوەی ئاشکرا وەڵامی پێدەدرێتەوە ، ئەمەش بەڕوونی کاریگەریی ناپەسەند دەخاتەسەر توانای

خاوەنکارەکان هاندەدرێن بۆ ئەنجامدانی هەر هەنگاوێکی پێویست بۆ قەدەغەکردنی ڕوودانی هەراسانکردنی سێکسی. ئەوان پێویستە بەڕوونی ئەوە لەکارگوزارەکانیان بگەیەنن کە چاوپۆشی لە هەراسانکردنی سێکسی ناکەن. ئەوان کاتێك دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بیەن کە شێوازێکی کاریگەری شکاتکردن دابنێن و هەر کارگوزارێکیش کە شکاتی کرد، ڕاستەوخۆ کاری خێرا و گونجاو بۆ شکاتەکەی بکەن.

هەراسانکردنی ڕەگەزییش هەر نایاساییە، گەر سێکسی بێت یان نا. هەر وەها هەر جۆرە هەراسانکردنێکی تر نایاساییە کەلەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی، تەمەن، کەمئەندامی، یان هەرجۆرێکی تری جیاوازی بکرێت.

سەرچاوە:

United States Equal Employment Opportunity Commission.

# کەمترین ئاستی کری[7]

له جەنگی جیهانیی دووەمدا حکومەتی ئەمریکی بەرهەمێکی ناوخۆیی زیاتری دەویست، بۆئەوەی بتوانێت خەرجی و پێداویستییەکانی جەنگیش دابین بکات و لەهەمان کاتدا رێژەیەکی سەدیی پیاوانی هێزی کاریش بنێرێت بۆ خزمەتی سەربازی. بۆیە بۆ هاندانی هاتنەناوەوەی خەڵك بۆ هێزی کار حکومەت پۆستەری رۆزیای لەحیمچیی داهێنا(ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە)ئەوە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە بوو، وێنەی خەیاڵیی کچێکی تێدادیار بوو، لە ساڵی(١٩٤٢)ەوە بۆ (١٩٤٥) بەردەوام بوو.هانی ژنانی دەدا کە بەوە کۆمەکی شەڕ بکەن کە لە دەرەوەی ماڵی خۆیان کاربکەن. زیاد لە شەش ملیۆن لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا چوونە ناو هێزی کاری ناوخۆیی ئەمریکییەوە.

## ژنانی کرێکاری کارگەی مافورچنین

ژنانێك لە کۆتاییەکانی ساڵانی پەنجاکاندا لە کارگەیەکی مافورچنین کاردەکەن. هەر لە سەرەتاکانی ١٨٠٠ ەوە ژنانی کرێکار رۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لە بەرەوپێشبردنی مافورچنیدا. تەونەکانی ئەو کارگانە رۆژانە ماوەی (١٤)کاتژمێر کاریان بە ژنان دەکرد. کاردانەوەی میللی لەدژی ئەو سەعاتە درێژانەی کارکردن وایکرد کە زوو یاسا بۆ دیاریکردنی ساتەکانی کارکردن

دەربکرێت. وەك پرۆژەی(ئۆ ئار ئێف) و پرۆژەی(جێس.ئێم.بی.ئەیچ).

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩٦)

## جۆرەکانی کاری ژن و پیاو لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەو هێڵکارییە تێکڕای سەدیی کارکردنی ژنان و پیاوان پیشاندەدات، هەردوو رەگەزەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە کەرتەجیاوازەکاندا کاردەکەن. بەڵام ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆرترین کارەکانی کەرتی کارگێڕی و نوسینگەییان بەدەستەوەیە، بەڵام پیاوان زۆربەیان لەناو پیشەکان و ماشێنکاری و کەرتی گواستنەوەدا کاردەکەن.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩٥)

## داهاتی ژنان و داهاتی پیاوان لە ئەمریکا

ئەم چارتەتێکڕای ئاستەکانی داهاتی ساڵانەی ئەو ژن و پیاوانە پیشاندەدات کە لە ئەمریکا کاری فوولتایم دەکەن. سەرباری ئەوەش کە لە سەدەی بیستدا مافەکانی ژنان لەبواری کارکردندا زۆرتربوون، بەڵام هێشتا تێکڕای داهاتی ژنان لە تێکڕای پیاوان کەمترە و تائێستە کرێی ژنان سێ لەسەر چواری کرێی پیاوانە.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٨٥)

# هێڵی زەمەنیی ئەو ڕوداوانەی کاریگەرییان لەسەر کارکردنی ژنان داناوە

## ساڵی ١٧٠٠

## باجی ژنانی شوونەکردوو

لەوساڵەدا شاری بەرلین باجی شـوونەکردنی بەسـەر ئەو ژنانەدا دەسەپاند کە شوویان نەکردبوو.ئامانجی ئەم باجە ناچارکردنی کچان بوو بۆئەوەی شووبکەن و لەژێر چاودێریی پیاوێکدا بژین. ئامانجێکی تریشی بیرییبوو لە گەشەپێدانی ژمارەی دانیشـتوانی شـارەکە لەڕێگـەی هاندانی شووکردن و ژنهێنانەوە.

## ساڵی ١٧٩٢

## بانگەشەیەك بۆ مافەکانی ژنان

ئـەم بانگەشـەیە لـەژێر کاریگـەریی شۆڕشـەکانی ئەمریکا و فەرەنسـەدابوو، ژنـە نوسـەری ئینگلیزی ماری وڵستن کرافت داوای بەهرەمەندبوونی ژنانی لەسـەرجەم ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان کرد. ئەم بانگەشەیەی ئەوبۆ مافەکانی ژنان بووە بناغەیەکی توندبۆ بزووتنـەوەکانی ژنان.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩٠)

## ساڵی ١٨٠٧

## بڵاوکردنەوەی کۆدی رەسمیی ناپلیۆنی

دوا ئەفسانەی هەمیشەیی شۆڕشی فەرەنسی ڕاگەیاندنی کۆدی ناپلیۆنییە ، کە هێمای یاسایەکی مەدەنیی یەکگرتووە بۆ هەموو بوارەکان لە فەرەنسەدا، و پاشتریش دەبێتە نمونەیەك بۆ نەتەوە نوێیەکانی تر..ئەم کۆدە مافە تاکەکەسییەکانی پیاو دەپارێزێت،بەڵام مامەڵەی ژنان وەکو شوێنکەوتەی پیاوان دەکات، و سنور بۆ پیادەکردنی هزرە ئازادیخوازەکانی سەبارەت بە هاوڵاتێیتی دادەنێت.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٨٩)

## ساڵی ١٨٣١

## جۆرج ساند

جۆرج ساند ژنێکە لەژیانی خێزانیی خۆی لەگەڵ مێردەکەی(ئامەنداین ئاورە لوسێل) بێزاردەبێت و لە شارۆچکەکەیان هەڵدێت و ڕوو لە پاریس دەکات.پاشان

دەبێتە نوسەرێکی پڕبەرهەم کە راست و ڕەوان بڕوای بە یەکسانیی دوو رەگەزەکە هەیە، لەژێرناوی خوازراوی جۆرج ساندا بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە.

ساند بەشێوازی زۆر ڕەنگالەیی ژیان و نوسینەکانیدا دەناسرێتەوە. ئەم ژنە بە جگەرەکێشان و لەبەرکردنی جلوبەرگی پیاوانە و زۆریی ژمارەی عاشقەکانی، پاریسی سەرسام کردبوو.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩١)

## ساڵی ١٨٣٦

## گریمکەس ئیدانەی کۆیلەیەتی و شوێن و پایەی ژنان دەکەن

هەردوو ژنە نەیاری کۆیلایەتی سارا گریمکە و ئەنجەلین گریمکە زنجیرەیەك وانەیان لەناو رێکخراوەکانی ژناندا بۆ ئیدانەکردنی کۆیلەیەتی وتەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەیەتییان کرد.ئەو وتارانەی ئەوان لەوکاتەدا واوەرگیرا کە دژایەتیکردن و هەڵگەڕاندنەوەی پێوەرەکانە.ئەم دوو خوشکە لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە رەخنەی توندیان لێگیرا، گوایە وەکو پیاو هەڵسوکەوتیان کردووە.لەوەڵامی ئەو رەخنانەدا کە

لێیاندەگیرا هەلومەرجی ژنە سپییەکانیان بە کۆیلە ڕەشەکان شوبهاند. هەروەها وتیان کە ژن وپیاو بە یەکسانی دروست بوون، بۆیە چ شتێك بۆ پیاوان ڕێپێدراوە پێویستە بۆ ژنانیش ڕێپێدراو بێت.

## ساڵی ١٨٣٧

## یەکەم خوێندنگەی دواناوەندیی ژنان

لەم ساڵەدا مێری ماسن لیۆن دواناوەندیی (ماونت هەولییەك)ی بۆ خوێندنی کچان دامەزراند. ئەم خوێندنگەیە دەکەوتە باشوری (هادلی)لە ماساچوستس، ئەمە یەکەمین پەیمانگای خوێندنی دواناوەندییە بۆ کچان لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

## ساڵی ١٨٣٧-١٨٤٨

## بزوتنەوەی چارتیی

کاتێك کە ڕێکەوتننامەی لەندەن دەستوری بۆ خەڵك دانا چینی کرێکاری بەریتانی دەنگێکی سیاسییانەیان دروست کرد، داوای ئەوەیان دەکرد کە هەموو هاوولاتییەکی تەمەن ٢١ ساڵ مافی دەنگدانی هەبێت،

لەمەشەوە چەند ریفۆرمێکی پەرلەمانی و هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنی هاتەئاراوە.

## ساڵی ١٨٤٨

## ڕێکەوتننامەی ڕوخانی سێنیکا

لە ڕێکەوتنێکدا کە لەلایەن خانمە ریفۆرمخوازی کۆمەڵایەتی(ئێلیزابیت کادی ستانتن)ەوە ڕێکخراوبوو، هەموو ئەو ژنانەی وڵاتەیەکگرتووەکان کە مافی دەنگدانیان هەبوو کۆبوونەوە بۆئەوەی گفتوگۆ لەسەر یەکسانبوون لەمافی فێربوون و زەماوەند و خاوەندارێتی بکەن.ئەلیزابیت خۆی بە دەمامکەوە بەشداریی کۆنگرەی لەندەنی دژایەتیکردنی کۆیلایەتیی کردبوو، لەبەرئەوەی ژنان مافی بەشداریکردنیان تێیدانەبووە، لەو کۆنگرەیەدا باسی خەباتی ژنانی لەدژی کۆیلەیەتی کردووە.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٨٧)

## ساڵی ١٨٤٨

## نیویۆرك ددان بەمافی خاوەندارێتی ژنانی شووکردوودا دەنێت

ولایەتی نیویۆرك دانی بەوەدا نا کە ژنی شووکردوو مافی خاوەندارێتیی هەبێت. ئەم یاسایە ڕێگە بە ژنان

دەدات کە بتوانن لەڕێگەی مێردەکانیانەوە موڵکیان دەست بکەوێت.بەدڵنیایی ئەمە یەکەمین یاسایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەشێوەی یاسایی ددان بەناسنامەی سەربەخۆی ژنانی شووکردوودا دەنێت.

## ساڵی١٨٥٩

جۆن ستوارت میل (سەبارەت بە ئازادی) دەنوسێت

فەیلەسوف و سۆشیال تیۆریستی بەریتانی جۆن ستوارت میل، رەهەندێکی مرۆیی دەبەخشێتە رەوتی (بەرژەوەندی پەرستی).

ئەو داوای مافەکانی ژنان و نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و کۆمەڵەی هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکانیشی کرد.(سەبارەت بە ئازادی) ناودارترین وتاری ئەوە، هەروەها لەساڵی(١٨٦٣)شدا وتاری بەرژەوەندیپەرستیشی نوسیووە.

## ساڵی ١٨٥١

## سۆجاورنە تروس: ئەی ئایا من ژن نیم؟

سۆجاورنە لەم ساڵەدا وتارە بەناوبانگەکەی خۆیی لەسەر یەکسانیی دوو ڕەگەزەکە، لەژێر ناونیشانی(ئایا

من ژن نیم؟) له یانەی مافەکانی مرۆڤ، له ئاکرۆنی سەر بە ئۆهایۆ پێشکەش کرد، ئەم ژنە لەدژی کۆیلایەتی جەنگاوە، ئەو بە بەهێزیی وتارەکانیدا دەناسرایەوە و هەمیشە پابەندبووە بە یەکسانیی رەگەزەکان و مافەکانی مرۆڤەوە.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩٢)

## سالانی ١٨٦٨-١٨٧٠
## ئەفریقییەکانی ئەمریکا
## مافی هاولاتێتییان بەدەستهێنا

کۆنگرسی ئەمریکا لەم سالانەدا دوو راستکردنەوەی دەستوریی دەرکرد و ولایەتەکانیش پەسەندیان کرد.بەمەش مافی هاولاتێتی بە ئەمریکییە ئەفریقییەکان درا. راستکردنەوەی چواردەیەم مافی هاولاتێتی بە هەموو ئەو کەسانە دەدات کە لە ولاتەیەکگرتووەکان لەدایك بوون، یان رەگەزنامەی ئەوێیان وەرگرتووە. راستکردنەوەی پانزەهەم مافی دەنگدان بە هەموو هاولاتییە نێرینە بالغبووەکان دەدات، ئەگەر (بەهۆی

ڕەگەز، یان ڕەنگ، یان هەلومەرجی پێشووی کۆیلەیەتییەوە) لە مافەکانیان بێبەری کرابن. ئەگەرچی سەرباری ئەوەش مافی دەنگدان بۆ ڕەشپێستەکان تا سەدەیەکی پاش ئەوەش نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام دوو ڕاستکردنەوەکەی چوارده و پانزه هانی مافەکانی ژنان دەدات وداوای کاراکردنی دەنگی ژنان دەکات.

## مەی ١٨٦٩

## دروستکردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی دەنگدانی ژنان

سەرباری کەمیی پشتگیریی لایەنی ئیلغاییەکانیش هەردوو فیمینستی بڕوادار بە یەکسانیی دوو ڕەگەزەکە ئەلیزابیت کادی ستانتن و سوزان .ب. ئەنتۆنی کۆمەڵەی نیشتمانیی دەنگدانی ژنانیان دروستکرد، بۆئەوەی لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژناندا فشار دروست بکەن.

لایەنگرانی پێشووی بزوتنەوەی ئیلغاییەکان ئەنتۆنی و ستانتن ئەو ڕێکخراوە نوێیەی خۆیان وەك وەڵامێك بۆ

ڕێکخراوی ئیلغاییەکان دروستکرد کە دەیانەویست ژنان لەو مافی دەنگدانە بێبەری بکەن کە ڕاستکردنەوە دەستورییەکە بۆ ڕەشپێستەکان بڕیاری لێدابوو. بەپێچەوانەی ئەنتۆنی و ستانتنەوە ئیلغاییەکان پێیانوابوو مەسەلەی دەنگدانی ژنان ڕەوتی دادپەروەری تێکدەدات.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩٣ سۆزان ئەنتۆنی، لاپەڕە ٨٣ ی ستانتن)

# ساڵی ١٨٧٢

# دەنگەکانی سوزان . ب. ئەنتۆنی

سوزان ئەو بیروباوەڕەی خۆیی ڕاگەیاند کە ڕاستکردنەوەی پانزەیەمی دەستوری ئەمریکا بواری دەنگدان بە ژنان دەدات..سوزان.ب. ئەنتۆنی و ستافێکی تری ژنان لە ولایەتی نیویۆرك بەشداریی دەنگدانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکایان کرد. پاشتر ئەنتۆنی دەستگیرکرا، درایە دادگاو غەرامەش خرا.بەڵام ئەو کارەی ئەو بووە سروشبەخشی ژنانی تر بۆئەوەی فشاری ئەوە دروست بکەن کە ژنانیش دەنگیان هەبێت.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٩٣)

## ساڵی ۱۸۷۳
## برادوێلی پێنجەم لە ولایەتی ئەلینۆیز

برادوێلی پێنجەم ژنێکە ناتوانێت لەناو ئەلینۆیزدا پیادەی کاری پارێزەری بکات لەبەرئەوەی کە ژنە. میرا برادوێل پارێزەرێکی خەڵکی ڤێرمۆنتە.شکات لە ولایەتەکەی خۆی دەکات و بۆ گەواهیدان لەسەر داواکەی دەڵێت راستکردنەوەی چواردەیەمی دەستوری تایبەت بە مافی هاوڵاتیەتی لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە دەرچوە و ناکرێ تاکەتاکە ولایەتەکان چاوپۆشیی لێبکەن. ئەم کێشەیەی ئەم ملی رێگای خۆی دەگرێت و دەگاتە دادگای باڵای وڵاتە یەکگرتووەکان.

دادگای باڵاش بە کۆی نۆ دەنگ بەرامبەر بە یەك دەنگ داواکەیان شکست پێهێنا، و وتیان شوێنی ژن بریتییە لە(کاری ناوماڵ) .

## ساڵی ۱۸۷۹
## ئیبسن شێوازی درامای نوێی گرتەبەر

هێنریك ئیبسنی شانۆنوسی نەرویژی لەساڵی(۱۸۷۹)دا (ماڵی بوکەشووشە)ی نوسی.ئەو شانۆییە بەریالیزمی بوون و سایکۆلۆژی بوونەکەی

مادەیەكی هاوچەرخی پێشكەش كرد و بینەرانی تووشی شـــۆك كــرد. ئـــەم كـــارەو ئـــەوانی تـــری ئیبســـــن و شوێنكەوتووەكانی جۆرێكی درامایان ناساند كە پاشتر بۆ سالانی تـر بەسـەر شانۆی نوێدا زال بـوو.ئەلبـەت كاریگەریی ئەم شانۆییە لەسەر رەوشی ژنان زۆربوو.

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٨٨ ئیبسن)

## ساڵـی ١٨٩٢

## دەنگدانی ژنان لە نیوزیلەند

ژنان لە نیوزیلەند مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا.ئەوێ یەكەم وڵاتە كە مافی دەنگدان بە ژنان ببەخشێت. ژنان لـەوێ لـە هەڵبژاردنـە فیدراڵییـەكانی ١٩٠٢دا دەنگیـاندا. ئەمـەش بـووە سـەرەتای شـەپۆلێكی دەنگدانـی ژنـان لـە جیهاندا.

## ساڵـی ١٩٠٣

## ڕێكخراوی( w.s.p.u )

## یەكێتیی كۆمەڵایەتی و سیاسیی ژنان

دەسـتەیەكی دەنگدەرانـی بـەریتانی بــوون، بـێزاریی خۆیان لەوە راگەیاند كە گرووپ و كۆمەڵـە باوەكـانی ئەو

سەردەمە شەرم لەوە دەکەن داوای مافی دەنگدانی ژنان بکەن، بۆیە جیابوونەوەی خۆیانیان راگەیاند و یەکێتیی کۆمەلایەتی و سیاسیی ژنانیان دروستکرد. ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن ژنە فیمینستی رادیکاڵی(ئێمیلین پانکهەرست)ەوە رێبەرایەتی دەکرا، ئەم دەنگدەرانە هەر زوو بەوەدا ناسرانەوە کە بۆئەوەی مەسەلەکانی خۆیان بەرنەپێشەوە کاری میلیشیاییان دەکرد..

(بڕوانە وێنەی لاپەڕە ٨٦)

## ساڵی ١٩٦٣
## کۆنگرسی ئەمریکی یاسای کرێی یەکسان پەسەند دەکات.

کۆنگرسی ئەمریکا بەپێی یاسا یەکسانبوونی کرێی پەسەندکرد. بەمەش ئەو دیاردەیەی بە نایاسایی لە قەڵەم دا کە ژن وپیاو لە بەرامبەر ئەنجامدانی هەمان کاردا دوو کرێی جیاواز وەربگرن.

## سالّی ١٩٦٣ - ١٩٩٥

## جیاوازیکردن لە کرێی کاردا لەنێوان ڕەگەزەکاندا لە ئەمریکا

تێکڕای کرێی کارکردنی ژنانی ئەمریکا دەیکردە ڕێژەی (٥٨,٩٪)ی تێکڕای داهاتی پیاو، بەلاّم لەسالّی(١٩٩٥)دا جیاوازییەکە کەم بۆوە.وایلێهات ژنان ڕێژەی (٧١,٤٪)ی تێکڕای داهاتی پیاوان وەربگرن. ئەگەرچی ئامارەکانیش باس لەوە دەکەن کە کرێی کاری ژنان ڕووی لەوەیە لە تێکڕای کرێی پیاوان نزیك ببێتەوە، بەلاّم هێشتا نایەکسانییەکی زۆر لەنێوان کرێی ژن وپیاو لە ئەمریکادا هەیە.

## سالّی ١٩٨٦

## دادگای بالاّ یاسا لەسەر هەراسانکردنی سێکسی دەردەکات

لەڕووداوێکی بانکی ڤینسنی پێنجی تایبەت بە پاشەکەوتکردنەوە دادگای بالاّی ئەمریکا بۆی دەرکەوت

کە هەموو هەراسانکردنێکی سێکسی شێوەیەکە لە شێوەکانی هەڵاواردنی رەگەزی. و بەپێی بڕگەی حەوتی مافە مەدەنیەکانی ساڵی ١٩٦٤یش هەڵاواردنی رەگەزی قەدەغەیە.دادگاش بڕیاردەدات کە هەموو هەلومەرجێکی دوژمنکارانەو تەنگ پێهەڵچنین بریتییە لە هەراسانکردنی سێکسی.

**سەرچاوە:**

لە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی(ئینکارتا)ی ئینگلیزی،ساڵی(٢٠٠٥)ەوە کراوە بە کوردی.

2005 1993-
2004 Microsoft Corporation.




بەراوردی تێکڕای کرێی کاری ژنانو کرێی کاری پیاوان لەم چارتەدا دەردەکەوێت،

تێبینی بکەن ستوونە ڕەشەکان کرێی ژنانو کاڵەکان کرێی پیاوانن



باتکیەرست



ئی ستانتن



ئيبسن




**کۆدی ناپلیۆنی (١٨٠٧)** هەموو مافێک بەپیاوان دەدات، بەڵام ژن بەشوێنکەوتەی پیاو دادەنێت.



**ماری ولستن کرافت**



جۆرج ساند



**سۆجاورنه تروس**

**ئەی ئایا من ژن نیم؟**



سوزان ئەنتۆنی



رۆزیی لەحیمچی

جۆرەکانی کاری ژنان وپیاوان لەئەمریکا. رەنگە کاڵەکان: پیاوان، خۆڵەمێشی: پیاوان و ژنان، رەش: ژنان




[1] Data are for 2004. [illegible] approximately 100 across all sectors.



کرێکارانی کارگەی مافوور

## لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان



*ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا

و/ سۆزان جەمال

*ئەنفالی سێو کاریگەرییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال

توێژینەوەی/ هێمن باقر عەبدول     بەرهەم عومەر عەبدوڵلا

*روخساری ژن لەئوستراليا

*روخساری ژن لەتالەند

*روخساری ژن لەژاپۆن

و/ شەیدا سەلاح

*حەریم لەکۆشکەکانی عوسمانیدا

و/ لەیلا عەلی

*گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە

و/ لەیلا عەلی

*عەشق وخۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیعدا

نووسینی: سەروەر کەریم

*ژن لەبازنەیەکی داخراودا

نووسینی: کنێر عەبدوڵلا

*جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمە دەکرێت

و/ شۆرش محەمەد حسێن

*پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا

نووسینی: کنێر عەبدوڵلا

*بێ یاریی هیچ گەشەکردنێك نییە

و/ سەمەدی مەلا ئەحمەد

* فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوون و شیعردا

نووسینی: شیرین تاهیر

*تابەیانی

نووسینی: لەیلا سیمایی

*بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ

بیرۆکەی ، یەکێتی ژنانی کوردستان

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: روخۆش عەلی

# Activation of Women in Productive Work Fields

Traslated by:
Kamil. M. Qeradghy